# هەواڵ نامە

The MillionOaks Project
پڕۆژەی ملیۆن بەڕوو

لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ تاوەکو کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢



## دوایین هەواڵ

لە چارەگی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ زەوی تەرخانکراو بۆ "پڕۆژەی ملیۆنبەڕوو" لە چوارچێوەی دوورگەی ناوەندی خزمەتگوزاری شەقامی ١٢٠ مەتری لە یەکتربڕی شەقامی کۆیەوە تاکو یەکتربڕی شەقامی کەرکوك لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان پەسەندکرا. لەهەمان کاتدا دەزگای ڕوانگە کە یەکێکە لە هاوبەشە ستراجیەکانی پڕۆژەکە لەڕووی دارایی پاڵپشتی سەرخستنی پرۆسەکەی کرد. کۆمپانیای نەوتی شاماران کە کۆرپۆرەیت سپۆنسەری پڕۆژەکەیە، ڕازی بوو بە دابینکردنی پاڵپشتی دارایی بۆ وەرزی چاندنی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢. ڕێکخراوی هەسار کە خاوەن بیرۆکە و لایەنی جێبەجێکاری پڕۆژەکەیە، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پلانەکانی چارەگی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ کە چالاکیەکان پێکهاتبوون لە کۆکردنەوەی ١٠ تەن لە دەنکی بەڕوو، هەروەها ئامادەکردنی خاکی چاندن بۆ سوودوەرگرتن لە وەرزی باران بارین، دیزاینکردن ونەخشەکێشانی پلانی چاندن. لە کۆتاییدا، تیمی پڕۆژە دەستیانکرد بە چاندن بە یارمەتی خۆبەخشان و هاوڵاتیان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان. دواجار ١٨٠،٠٠٠ بەڕوویان لە ماوەی نۆ ڕۆژدا چاند. وە ٧٠،٠٠٠ داری تریش کە لە سەرەتای(چارەگی یەکەمی ٢٠٢٣ و چارەگی دووەمی ٢٠٢٣ دەچێنرێ. ڕووداوێکی تری چارەگی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ بریتی بوو لە گەشەپێدانی پڕۆژەیەکی دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاو(ڕیساکلی ئاو) بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئاوی ڕیساکلکراو بۆ ٥٠ مەتری سێجا لە ڕۆژێکدا. پڕۆژەکە بەهاوبەشی لەنێوان هەسار و یونسێف و بەسپۆنسەری کۆمپانیای نەوتی شاماران جێبەجێکرا.

## بەخێرهاتنێکی گەرم
### لەلایەن تیمی پڕۆژە

## تۆماری وەرزی چاندنی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢




# گەورەترین دەستکەوتەکانی چارەگی کۆتایی ٢٠٢٢

## ئامادەکاری بۆ وەرزی چاندنی دار بەڕوو لە مانگی دوازدەی ٢٠٢٢ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەشداریان لە وەرزی چاندن کرد



یەکێك لە بەنرخترین دەستکەوتەکان بریتی بوو لە چاندنی زۆرترین بەڕوو لە ڕۆژێکدا، لە ٢٨ی مانگی ١٢ی ٢٠٢٢ تیمی پڕۆژە ٤١،٠٠٠ بەڕوویان چاند. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ساڵی ٢٠٢٢ زۆرترین ژمارەی بەڕووی چێندراو لە ڕۆژێکدا تەنها ٤٠٠٠ بەڕووبوو.



لە چارەگی کۆتایی ٢٠٢٢, خۆبەخشەکان بەرزترین ئاستیان تۆمارکرد لە پڕۆژەکەدا کە ٨٠٠ کاتژمێر بوو. بەشداربووەکان پێکهاتبوون لە خۆبەخشەکانی هەسار و کۆمپانیای تویێتا و قوتابخانەی سابیس و ڕێکخراوی گرین کیدس و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە چەندین شاری جیاواز.



لە پلانی ٢٠٢٣دا تەنها ٨٠٪ی دارەکان بەڕوو دەبێت. لە ٢٠٪ یتر داری خۆماڵی دەبێت بۆ مەبەستی هەمەچەشنی زیندەوەران و پەناگە بۆ بەڕووە چێندراوەکان و زیندەوەران. لە ساڵی ٢٠٢٣، پڕۆژەکە ڕواڵەتێکی هەمەجۆری داری تێکەڵەی دەبێت بە پانتایی ئەو ڕووبەرەی کە چاندنی لەسەر ئەنجامدراوە.




زەوی پڕۆژەی ملیۆنبەڕوو دەکەوێتە هەولێر لەسەر شەقامی ١٢٠ مەتری، دوورگەی ناوەندی شەقامی خزمەتگوزاری، کە لە یەکتربڕینی کۆیەوە دەستپێدەکات تاکو یەکتربری کەرکوك. پڕۆژەی ملیۆنبەڕوو دوو لەسەر سێی ڕووبەری پارکی سامی عبدالرحمن لە هەولێر دادەپۆشێت.


# هەنگاوی داهاتوو: دووەمین وەرزی چاندن و ئاودان












بەشی ڕیساکلین لە مانگی یازدەی ٢٠٢٢ەوە ئامادەیە بۆ بەرهەمهێنانی ٥٠ مەتر سێجا ئاو لەڕۆژێکدا. وە ئەنجامی کۆتایی تاقیگە دەریخست کە کوالیتی ئاوە ریسایکلکراوەکە ڕێگەپێدراوە بۆ ئاودانی دارستان بەپێی ستانداری عێراقی. بەپێی پلانەکان، لە چارەگی یەکەمی ٢٠٢٣دا تیمی پڕۆژە بەرهەمهێنانی ئاوی ریسایکلکراو بەرزدەکەنەوە بۆ ٢٠٠ مەتر سێجا لەڕۆژێکدا. سوپاس بۆ پڕۆژەی **ACUW** بەهاوبەشی لەنێوان ڕێکخراوی هەسار و یونسێف و بەسپۆنسەری کۆمپانیای نەوتی شاماران. پڕۆژەی ئاوی ڕیسایکلکراو بەشێوەیەك ئامادەکراوە کە بەتەواوی بە وزەی خۆر کاردەکات، خواستی تەواوی ئاودان بە وزەیەکی پاك و ئاوێکی ڕیسایکلکراو دابین دەکات.




لە دیزاینی پارکەکە ناوچەی دارستان و هێڵی خزمەتگوزارییەکان بە جیاوازیەوە جێکەوتەکانیان لەبەرچاوگیراوە. هەر ناوچەیەکی چاندن لە ڕیزیکی ١٠٠ مەتر بە پانی ٢،٥ مەتر پێکدێت. لە هەر ڕیزێکی چاندندا، پەرچ و تەراشی بەڕوو لەسەر ڕووبەری ٢،٥ بە ٢،٥ مەتریەك بەدوای یەك ڕیزبوون کە ژمارەیان ٢٥ کۆمەڵەیە. لە تەنیشت هەر کۆمەڵەیەك، دارێکی پەناگە دەچێندرێت کە خێرایی گەشەیان زیاترە لە خێرایی گەشەی بەڕووەکان. دوای هەر چوار کۆمەڵەیەك، کۆمەڵەیەك بریتیە لە داری هەمەجۆری بۆ دروستکردنی جیاوازی و هەمەجۆری لە دارستانەکەدا. هێڵە خزمەتگوزاریەکان لەداهاتوودا بەکاردەهێنرێن بۆ پاسکیل لێخورین و پیاسەکردن و شوێنی حەساندنەوە لەناو دارستانەکەدا.

# پاڵپشتیکردنی دارایی پڕۆژەکە بۆ بەردەوامبوون لە چاندن و خزمەتکردن

پڕۆژەی ملیۆنبەڕوو پێشوازی لە هەر پاڵپشتیەکی ئێوە دەکات بۆ وەرزی چاندنی داهاتوو و قۆناغی سەرپەرشتی دوای چاندن. پڕۆژەکە لەلایەن خۆبەخشان و خێرخوازان و پاڵپشتی دارایی کۆرپۆرەیتەکان بەڕێوە دەچێت و بەردەوام دەبێت. دەتوانن لەڕێگەی پەیوەندیەکانی پڕۆژە لە نزیکەوە ئاگاداری چالاکیەکانبن و پاڵپشتیەکانتان پێشکەش بکەن.



## سوپاسنامە

دەمانەوێت سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بگەین کە پاڵپشتیان کردووین هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پڕۆژەکەوە تا ئێستا. سوپاسی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەکەین بۆ دابینکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکە لە چوارچێوەی شەقامی ١٢٠ مەتری. سوپاسی ڕێکخراوی هەسار دەکەین لە بەرامبەر سەرپەرشتیکردن و بردنەپێشەوەی پڕۆژەکە. وە دەمانەوێت سوپاسی دەزگای ڕوانگە هاوبەشە ستراتیجەکەمان بکەین بۆ پشتیوانیە بەردەوامیەکانی. هەروەها سوپاس بۆ کۆمپانیای نەوتی شەماران بۆ بوون بە سپۆنسەری کۆرپۆرەیتی پڕۆژەکە. سوپاس بۆ بەخشەری ئەڵماسی پڕۆژەکە، **Sowvital Ltd**. و ڕێکخراوی یونسێف بۆ بوون بە هاوبەشی پڕۆژەی **ACUW** بۆ دابینکردنی ئاو. سوپاس بۆ هاما گروپ بۆ سپۆنسەریکردنی چالاکییە میدیاییەکانی پڕۆژە. وە دەمانەوێت سوپاسی ئەندامان و خۆبەخشانی هەسار بکەین بۆ پاڵشتییە بەردەوامییەکانیان بۆ پڕۆژەکە.

## چۆن دەتوانن پاڵپشتیمان بکەن؟

هەر بەخشینێك بە پڕۆژە زۆر بەرز دەنرخێنرێت. دەتوانن ڕاستەوخۆ سپۆنسەری دارەکان بکەن لەڕێگەی وێبسایتی پڕۆژەکە. بۆ سپۆنسەریکردنی چالاکیەکان تکایە ئیمەیڵمان بۆ بنێرن و ئێمە خۆمان بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیتان پێوە دەکەین.



+964 750 843 8872
www.millionoaks.org
info@millionoaks.org
Iraq, Erbil, Hana City Apartments, 120m